www.kurdistannet.org
09/07/2003 02:34

# بانگەوازەکەی ناسر و مەرزیە، وروژاندنێکی بەجێ بەڵام. . .

مەسعود وەزیری

له ۲۰۰۳/٦/۲۷دا، هونەرمەندان مەرزیە فەریقی و ناسر رەزازی، بانگەوازێکیان روو لە گەلی کورد و نوسەران، رۆشنبیران و هونەرمەندان دەرکردوە کە لە سایتی بروسکەدا بلاوکرایەوە.

بەدوای بلاوبوونەوەی ئەم بانگەوازەدا چەند بەرێزێك لەوانە: د. گوڵمراد مرادی، فەرهاد ئەردەلان، برایم فەرشی بۆچوونی خۆیان لەسەر ئەو بانگەوازە راگەیاندوە. بۆچوونەکانی د. گوڵمراد مرادی و برایم فەرشی هەر لە سایتی بروسکە بلاو بوونەتەوە و هی فەرهاد ئەردەلان لە سایتی کوردستانێت دا.

ئەوەی لە لایان نوسەران فەرهاد ئەردەلان و برایم فەرشی یەوە، لایەنی رەخنەیی لە بانگەوازەکەی مەرزیە فەریقی و ناسر رەزازی لەخۆ گرتووە، خاڵی دوهەم و ئاماژە بە مەسەلەی "یەکگرتنی حیزب و سازمان و رێکخراوەکانی کوردستانی بندەستی ئێران"ە. مەرزیە و ناسر لە خاڵی دوهەمی بانگەوازەکەیاندا دەڵێن:

"۲- ئێمە داوا لە حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ دەکەین کە ئاگادارین و وشیارانە هەنگاو هەڵگرن. لەم کاتەدا ئەوان دەبێ خۆیان بۆ هەر روداوێك کە لە ئێران و بە تایبەت لە کوردستان روودەدا ئامادەبکەن و هەڵسوڕانە تێیدا بەشداری بکەن و بۆ رووخانی کۆماری ئیسلامی و پێکەوە خەبات بکەن". هەروەها لە خاڵی سێهەمدا دەڵێن: "ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە حیزب و رێکخراوەکانی کوردستان بندەستی ئێران یەك بگرن و لە پلاتفۆرمێکدا بانگ و هاواری ئەم خەڵکە چەوساوەیە بە دنیا بگەیێنن و لە یەخسیریی دەربێنن؟"

بە بۆچوونی من هونەرمەندان ناسر و مەرزیە، بابەتێکی گرینگیان وروژاندوە و ئاماژەیان بە مەسەلەیەکی حەیاتی بۆ کورد کردوە. هەروەها داوایەکی بەجێیان لە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ و حیزبی دیموکرات و حیزب و سازمان و رێکخراوەکانی کوردستان کردوە.

بەڵام ئەوەی بۆچوونی منیش دەخاتە تەنیشت رەخنە و بۆچوونەکانی فەرهاد ئەردەلان و برایم فەرشی، ئەوەیە کە یەکەم: لە کوردستانی ئێران تەنیا حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ نین خەبات دەکەن. تەنیا بەوانیش رزگار نابێ و هەر بەوانیش بەرێوە ناچێ. ئەوان دوو هێزی خەباتگێری رۆژهەلاتی کوردستانن. مێژوو و خەبات و تێکۆشانیان لە خەڵکی کوردستان شاراوە نیە. بەڵام تەنیا هێز نەبوون و نین.

لە حاڵی حازردا لە کوردستاندا، ٤ هێزی سیاسی بە کردەوە لە هەڵسوڕانی سیاسی و نیزامی و جەماوەریدا هەن و حاشا لە بونیان ناکرێ. ناسر و مەرزیە حیزبی کۆمونیستی ئێران و یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانیان لەبیر کردوە. ئەم دو هێزە هەر ئێستا لە کوردستانی عێراق بنکە و کادر و پێشمەرگە و ئیمکاناتی هەڵسوڕانی سیاسی و نیزامیان هەیە و لە رۆژهەلاتی کوردستانیش تێکۆشانیان هەیە و خاوەنی ژمارەیەکی زۆر شەهیدن. هەروەها پێوەندیی سیاسیان لەگەڵ هێزە کوردییەکانی ناوچەکە و بەشێك لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیدا هەیە.

من نازانم لە بیرکردنی ئەو دوو هێزە سیاسیە و ناو نەهێنانیان لە لایان ناسر و مەرزیەوە هۆیەکەی چییە. بەڵام تێروانین و بۆچونێکی دیموکراتی و واقعیانە نابێ هیچکام لەو ٤ هێزە سیاسیە لە شانۆی سیاسی کوردستانی ئێران نەدیدە بگیرێن. هەروەك چۆن ناتوانم لەگەڵ ئەوەدا بم کە هاورێیانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نایانەوێ بوونی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ بسەلمێنن و تا ئێستا نەیانویستوە پێوەندییەکی ئاساییان لەگەڵ ببەستن و بە "ئینشیعابییەکان" و "سازمانی زەحمەتکێشان"ناویان دەبەن.

هەبوونی ئەو ٤ هێزە سیاسیە لە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی لە کوردستاندا، شتێکە کە بۆ حاشالێکردن نابێ و بوونی هیچکامیان بەدەست ئەوی تریان نیە. نەخوێندنەوە و لەبەرچاونەگرتنی هەرکام لەم چوار هێزە، نە تەنیا نیشانەی نەبوونی دید و بۆچوونی دیموکراتیە، بەڵکو نەدیتنی واقعیەتیشە. ئەو واقعیەتەی سەرفی نەزر لە حەز و ئارەزووی هەرکەسێ لە ئارادایە.

www.kurdistannet.org
09/07/2003 02:34

٢- بەرێزان مەرزیە خان و کاك ناسر، لە بانگەوازەکەیاندا، لەوەدەچێ رزگاری کوردستان تەنیا بە کاری "حیزب و رێکخراو و سازمانە سیاسیەکان" دانین. لە حاڵێکدا وەك برایم فەرشی دەڵێ: "کوردستان بەهەموو خەڵکی کورد و رزگار دەکری و ئەرکی تاکە تا کەی ئەندامانی کۆمەڵگایە بۆ ئازادی وڵاتەکەیان تێبکۆشن".

دیارە حاشا لە دەوری حیزب و رێکخراوە سیاسیەکان لە رزگاری کوردستاندا ناکرێ. بەڵام راستیەکەی بەبێ ئەوەی بمانەوێ زەرەیەك لە دەوری گرینگیان کەم بکەینەوە، رزگاری کوردستان بەهەموو گەلی کورد دەکرێ. بەهەموو چین وتوێژەکانی. لە حیزب و سازمانە سیاسیەکانەوە تا کەسایەتیە سیاسیەکان، هونەرمەندان، نوسەران، رۆشنبیران، ژنان، خوێندکاران، کرێکاران و زەحمەتکێشان و. . . تاد.

با هیچ دوور نەڕۆین، راپەرینی ساڵی ١٩٩١ی باشوری کوردستان، ئەزمونێکی نزیکە بۆ تێگەیشتن لەو راستیانە. ئەوە کۆمەلانی خەڵك بوون راپەرین و دوایە شان بە شانی هێزی پێشمەرگەی حیزبەکانی کوردستان دام و دەزگای رێژیمیان لە وڵات پاك کردەوە.

بە کورتی: خەبات لە رێگای رزگاری کوردستان ئەرکی هەر ٤ حیزبە سیاسیەکەی کوردستان. کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و کەسایەتیە سەربەخۆیە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکان و رۆشنبیران و هونەرمەندانی وڵات پارێز و ژنانی ئازادیخواز و خوێندکارانی پێشرەوە. با هەموو بۆ یەکخستنی هێز و توانای هەمووان پێکەوە لە رێگای وەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکاندا هەوڵ بدەین. با هەموو ئەو لایەنانە بوونی یەکدی بسەلمێنن و رێزی یەکتر بگرن و بۆ دانانی پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی هاوبەش دەست بە وتووێژ بکەن و هەنگاوی بەکردەوە هەڵگرنەوە.

نوسەران و رۆشنبیرانی گەلەکەشمان ئەبێ بۆ پرۆژەیەکی نەتەوەیی ئەوتۆ تێ بکۆشن و هەڵگری پەیامی دیمۆکراتی و فرە حیزبی و یەکتر قەبووڵ کردنی هەموو رەنگەکانی کۆمەڵگای کوردستان بن.

٢٠٠٣/٧/8

m_weziri@hotmail. com

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت